وەزارەتی نەوت وردەکاریی هەوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی هەی بڕییەکان لەگەڵ تورکیا ڕوون دەکاتەوە

وەزارەتی نەوتی عێراق رایدەگەیەنێت، وەزارەتی وزەی تورکیا خواستی خێی بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستی بڕی نەوت لە عێراقەوە بۆ وڵاتەکەی دەربڕیوە، بەشێوەیەکی فراوانتر لە پێشتر تاوەکو بوارەکانی نەوت، گاز، پیشەسازی پترۆکیمیایی و کارەباش بگرێتەوە.

سەرچاوەیەکی بەرپرس لە وەزارەتی نەوت لەڵدوانێکی بۆ ئاژانسی هەواڵی فەرمی کۆموتێع بەدواداچوونی بۆ کردووە ڕایگەیاند، "ئەوەی بڕاوکرایەوە سەبارەت بە دەرکردنی بڕیارێکی سەرێك کۆماری تورکیا بۆ کێتاییهێنان بە کارکردن لەسەر ئەو ڕێککەوتن و پرێتکێانەی کە لە نێوان تورکیا و عێراقدا واژێکراون سەبارەت بە بڕی نەوتی خاو کە لە عێراقەوە بۆ تورکیا درێژدەبێتەوە، تا 27ی (تەمموز/7)ی 2026، بڕیارەکەی سەرکایەتی تورکیاش ژمارەی 10113ی هەبوە و لە ماڵپەڕی فەرمیدا بڵاوکراوەتەوە".

ئونیشیکردەوە، "ڕێککەوتننامەی بڕیی عێراق و تورکیا کە لە ساڵی 1973 لەنێوان هەردو وڵاتی دراوسێ عێراق و تورکیا واژێ کرا و لە ساڵی 2010 هەموار کرایەوە، ئاماژەی بەوەدابو کە لە مانگی (تەمموز/7)ی 2026 کێتایی پێدێت و مەرجی ئەوەشی خستوەتەڕو، ئەگەر هەر لایەنێك

ئارەزوی هەڵوەشاندنەوەی هەبێت، ئەوا پێویستە ساڵێك پێش وادەی بەسەرچونی ئەم ڕێکەوتنە، داواکارییەکی نوسراو کە خواستی خۆی بێ هەڵوەشاندنەوەی دەربڕێت، لەوانەی لایەنی بەرامبەر بکرێت".

ئاماژەی بەوەشکرد، "لەسەر بنەمای ئەمە، حکومەتی تورکیا ئەمڕۆ بڕیاری خۆی دەرکرد بێ هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکە بەپێی بڕگەکانی پێشوی، لەگەڵ پێشکەشکردنی ئەوەی کە حکومەتی عێراق بەو نوێنەرایەتی وەزارەتی نەوت، بەو پەرەش بێ بەردەوامی پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ تورکیای دراوسێ، لەو هەوڵدا بێ درێژکردنەوەی ڕێککەوتنەکە، لەو مانگی (تەممووز/7)ی 2024ەوەو لەگەڵ لایەنی تورکیا دانوستان دەکات بەو ئامانجی درێژکردنەوەی ئەو ڕێککەوتنەی کە باسی لێوە دەکرێت".

ڕونیشیکردەتەوە، "وەزارەتی وزەی تورکیا نوسراوێکی ئاراستەی وەزارەتی نەوت کرد و خواستی خۆی بێ نوێکردنەوەی ڕێککەوتنەکە دەربڕی، هاوکات لەگەڵ ڕەشنوسی ڕێککەوتنێکی نوێ بێ هاوکاری لەبواری وزەی، گشتگیرتر لەو ڕێککەوتنی پێشو، بەو پێیەی هاوکاریی لەبواری نەوت، گاز، پیشەسازیی پترۆکیمیایی و کارەبای لەخۆگرتبو، بەئامانجی فراوانکردنی ئاسۆی هاوکاری نێوان هەردو وڵات".

وەزارەتی نەوتی عێراق دەشێت، "وەزارەتەکەیان لەو پرسەی پێداچونەوەدایە بەو ڕەشنوسی ڕێککەوتنەی لایەنی تورکی ناردویەتی و دانوستان لەگەڵیان دەکات سەبارەت بەو بابەتە بێ ئەوەی بگاتە پرۆژەیەك کە خزمەت بەو بەرژەوەندییەکانی عێراق و تورکیا بکات".